www.kurdistannet.org
28-11-2006 22:43بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

سێ شەممە بەرواری 2006-11/28

## بۆ: سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی ... ناوەندی چاک

بەڕێز، چەند هاووڵاتیەکی کوردستان بەتایبەت هی ناوچەی پشدەر و بتوێن سکاڵای دادگایی و قانوونی خۆیان لەدژی کەسێك بە ناوی "هەباسی بایزی باڵواغا" لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کردووە. ناوبراو لە کاتی ڕژێمی بەعسدا سەرۆك جاش بووە لەو ناوچانەداو بەپێی سکاڵای شکایەت کەرەکان ئەم کەسە دەستی هەبووە لە گرتن، لەسێدارەدان و کوشتنی کەس و کاریاندا.
لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا (ژمارە 263- ڕۆژی 2006-10/31) چاپی هەولێر، (هەباسی بایزی باڵواغا) لە وەڵامی پرسیارێکی ئەو ڕۆژنامەیەدا [ئەگەر مستەفا حەسەن گەورە شکایەتت لە دادگا لەسەر تۆمار بکات ئامادەی بچییە بەردەم دادگا؟] ئەڵێت [بەڵێ ئامادەم. ئەگەر کاك مەسعود ئەمر بکات سەدجار ئامادەم] هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە تائێستا دادگای سلێمانی سێ-چوار جار ناردوویەتی بەدوایدا بۆ ئەوەی ئامادە بێت لەبەردەم دادگادا بەڵام دیارە کە ئەم کەسە نایەوێت ئامادەبێت لەبەردەم دادگا ئەگەر بەڕێز سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی ئەمر نەکات. !
بەڕێز، ئەمڕۆ دامەزراوە دەوڵەتیەکان لە کوردستاندا لە حاڵەتی شکڵگرتندان لەوانە دەزگای یاسایی و دادگایی تا پەیوەندی هاووڵاتیان لەسەر بنەمایەکی یاسایی هاوچەرخ دابمەزرێیت. جێی نیگەرانیە کە کەسێك بتوانێت بە سودوەرگرتنێکی خراپ لە پەیوەندیە شەخسییەکانی خۆی بە بەڕێزتانەوە ئەم پڕۆسەی شکڵگیری دامەزراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە [دەزگای یاسایی] کوردستان توشی ئیفلیج بوون و بێ ئیعتیبار بوون بکات لەبەر چاوی ڕای گشتی کوردستان و جیهاندا.
ئەڵبەتە هەڵوێستی ڕێکخراوی "چاك" هەر لەسەرەتاوە هەڵوەشانەوەی بڕیاری لێبوردنی گشتی بەرەی کوردستانی ساڵی 1991 بووە، بۆ دادگایی کردنی سەرۆك جاشەکان و کەسانێك کەبەشداری ئەنفالیان کردبێت وەیا تاوانیان کردبێت بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا.
گەرچی ئەمڕۆ ئەم یاسایە بۆ بەرگری لە هەقە گشتییەکانی گەلی کوردستان هەڵنەوەشاوەتەوە بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەقە تایبەتیەکانی هاووڵاتیان کە لە سکاڵای شەخسییاندا دژی ئەو کۆنە سەرۆك جاشانە لە دادگاکانی کوردستان تۆمار کراوە لە ژێر هیچ بیانوو و پەیوەندییەکی شەخسیدا پێشێل بکرێن.
ئێمە پێشتر پشتیوانی خۆمان بۆ داکۆکی کردن لە هەقی شەخسی ئەو هاووڵاتیانە ڕاگەیاندووە کە سکاڵای شەخسی و یاساییان تۆمار کردووە لە دژی ناوبراو (هەباسی بایزی باڵواغا) لە بەیاننامەیەکی پشتیوانیدا بۆ هاووڵاتی (مستەفای حەسەنە گەورە) لە بەرواری **12/11** ژمارە 300.

بەڕێز لە کاتێکدا کە ناو براو ڕادەگەیێنێت [ئەگەر کاك مەسعود ئەمر بکات سەدجار ئامادەم] بۆ دادگا، ئیتر بڕیارەکە هاتۆتە بەردەم بارەگای بەڕێزتان کە داوابکەن ناوبراو مل کەچی فەرمانی دادگا بێت و ئامادەی دادگایی کردن بێت.

ئێمە بەناوی ڕێکخراوەکەمانەوە، ڕێکخراوی [CHAK- چاك] داوا لە بەڕێزتان ئەکەین کە ڕێگە نەدەن بە کەسی ناو براو پەیوەندیە شەخسیەکانی خۆی بە بەڕێزتانەوە بەکار بهێنی بۆ سەرپێچی کردن لە یاسا. ئەگەر ناوبراو کەسێکە خۆی بە بێ تاوان ئەبینێتەوە پێویستە بێت لە بەردەم دادگاکانی کوردستان ئەمە ساغ بکاتەوە!

لەگەل ڕێزی بێ پایاندا
ناوەندی چاك
2006/11/28